

مەولود باوەمراد

# "یەكگرتوو ئۆپۆزسیۆن نییە، بەشدارین لەو دەسەڵاتە سیاسییەی لە هەرێمدا هەیە و درۆ لەگەڵ خۆماندا ناكەین"

**بەشی دووەم و كۆتایی**

دیاری هێمن و ئیبراهیم و هەڵگورد

**● بەشی دووەمی ئەم چاوپێكەوتنە لەگەڵ بەڕێز مەولود باوە مراد ئەندامی مەكتەبی سیاسی یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان تایبەتە بە تێڕوانینی یەكگرتوو بۆ مەسەلە سیاسیەكانی سەر ساحەی سیاسی كوردستان و هەڵوێست و مامەڵەیان لەسەر رووداوە گرنگەكان .**

لڤین: یەكگرتوو لە هەڵوێستە سیاسییەكانیدا هەمان هەڵوێستی پارتیو یەكێتیی هەیە؟

مەولود باوەمراد: دەبێت هەموو كەس بەگشتیو رۆژنامەنووسەكان بەتایبەتی ئەوە بزانن كە یاریكردن لە سیاسەتدا یاریكردنە بە ئاگر، چونكە كاركردنە لە چوارچێوەی هێزو بەرژەوەندییداو كۆمەڵێك شت هەیە كاریگەریی هەیە لەسەر هەڵوێست وەرگرتنی تۆ، بۆ نموونە؛ پێتانوایە مادام هاوڵاتیو ئاوێنەو فلانە رۆژنامە، فلان هەڵوێستی هەیە، بۆ یەكگرتوو نییەتی، ئەوە تێگەیشتنێكی سەقەتە، دەبێت ئێوە ئەوە بزانن ئەو پانتاییە سیاسییە

کامەیە کە ئێمەی تێدا دەژین، ئایا هەڵوێستی ئێمە هیچ شتێك تەحەکومی تیاناکات؟ بەر لە هەموو شت، بیروڕای ئێمە تەحەکوم دەکات لە هەڵوێستماندا، ئەحزابە سیاسییەکانی دەوروبەر تەحەکوم دەکات، رادەی گەورەیی‌و بچوکی حیزبەکە تەحەکوم دەکات لە قەرارەکاندا، حیزبی بچوك هەرچییەك بڵێت لێیناگرن، حیزبی گەورەش هەرچییەك بڵێت مساوەمەی لەگەڵ دەکەن، لەم نێوەندەدا حیزبی مامناوەند زەرەردەکات، هەرچی تیغە بەسەر دڵی ئەودا دەچێت، بۆیە دەبێت ئاگات لە هەڵوێستی ئیقلیمیی‌و ئایدۆلۆژیی خۆت بێت، بۆیە هەڵوێست هەروا ئاسان نییە، ئێمە لە ژینگەی کوردستاندا کاردەکەین‌و قەیرانی کوردستانیش، کێشەی نەتەوەییە، پارتی‌و یەکێتییش لەو بوارەدا مێژوویان هەیەو کاریانکردووە، ئێمە هەڵوێستێکی نوێمان سەبارەت بە دۆزی کورد بنیاد نەناوە ، هەرکاتێك یەکێتیی‌و پارتی هەڵوێستێکی نەتەوەیی تەواویان پیشاندابێت، ئێمەش پشتمان گرتوون، گەر زانیبێتیشمان مەوقیفەکە بۆنی تاکە حیزبی لێدێت، پشتگیرییمان نەکردووە.

**لڤین: حیزبە گەورەکان هەمیشە لە بەرامبەر نارەزاییەکانی خەڵکدا باس لەو ترسە دەکەن کە وا لەسەر ئەزموونەکەمان هەیەو بەو هۆیەشەوە پاساوی پشتگوێخستنی کێشە ناوخۆییەکان دەدەنەوە، هەستدەکرێت یەکگرتووش کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەم بۆچوونەوە؟**

مەولود باوەمراد: راستییەك هەیە دەمەوێت بیڵێم، کە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ئەهلی موساوەمە نییە لەگەڵ هیچ کەسێکدا، لەبەر دڵی پارتی با ئەو هەڵوێستەم نەبێت، یان لەبەر خاتری یەکێتیی با ئەم هەڵوێستەم نەبێت، شتی وانییە، ئێمە پشتگیریی یەکێتیی‌و پارتی‌و حکومەت‌و پەرلەمان دەکەین لە هەر شتێکدا کە لە بەرژەوەندیی ئەم میللەتەدا بێت، ئێوە بڵێن یەکگرتوو بۆچی لەسەر شتە داخلییەکان هەڵوێستی نییە، بۆ نموونە؛ کارەبا، ئێمە قسەمان لەسەر ئەم بابەتە کردووەو لەگەڵ سەرۆکی حیزبەکاندا دواوین، بەڵام خۆ ئێمە رۆژنامە نین لەو دەرە قسەبکەین، ئێمە لە ژووری داخراودا قسەمان کردووە، نامانەوێت خەڵك دڵسارد بکەینەوەو بەئاشکرا ئەو راستییانە بڵێین.

**لڤین: حکومەت ناتوانێت کێشەکان چارەسەربکات یان نایەوێت چارەسەری بکات؟**

مەولود باوەمراد: بەشێکی زۆری پێ چارەسەرناکرێت، چونکە بارودۆخی عێراق ناجێگیرە، هەمیشە دەڵێین هەرێمی فیدراڵ‌و سەرۆکی هەرێمی فیدراڵ، دەستوور هاتووە راستییەکی دەربڕیوە نەك ئینشای راستییەك بکات. دەستوور هەرێمێکی فیدراڵی بۆ ئێمە دروستنەکردووە، ئەزمەیەکی گەورە لەبەردەم ئەم میللەتەدا کە هەیە بریتییە لە دیارینەکردنی سنووری هەرێمی کوردستان.

**لڤین: ئێوە کە لە ژوورە داخراوەکاندا قسەدەکەن، مانای وایە راستییەکان لە خەڵک دەشارنەوە؟**

مەولود باوەمراد: راستییەکان خەڵکیش دەیزانێت، بەڵام خەڵك قسە لەوە دەکات کە تۆ حکومەتی، بۆ چارەسەری ناکەیت، حکومەت لە هەندێك قسەی خەڵك بێدەنگ دەبێت‌و پاساوی جۆراوجۆر بۆ زۆربەشیان دەهێنێتەوە، کێشەکان لای خەڵك ئاشکران‌و پێویست بە یەکگرتوو ناکات کە بۆ خەڵکی ئاشکرا بکات.

**لڤین: یەکگرتوو لە هەڵبژاردنەکاندا دروشمی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی بەرزکردبووەوە، بەڵام دوای هەڵبژاردنەکان پشتی لە جەماوەر کردو چووە ناو حکومەتەوەو لە قسەکانی پەشیمان بوویەوە؟**

مەولود باوەمراد: هیوادارم ئەم راستییە بگاتە جەماوەر، کەڵەکەکردنی مەسئولیەت لەسەر حیزب‌و لایەنێك، گوناهێکی گەورەیە، باسکردن لە گەندەڵیی باسکردن بوو لە پەرلەمانی عێراق، باسکردن بوو لە دابەزین بە لیستێکی جیا بۆ پەرلەمانی عێراق‌و پەشیمانیش نیین لەوەی کە وتوومانە، ئێستە ئەندامەکانمان لە لیژنە جۆراوجۆرەکانی پەرلەماندا هەن‌و هەمیشە ئامادەن بۆ وتنی هەر گەندەڵییەك کە هەستی پێبکەن. کێ ئامادەیە شتێك لە گەندەڵی لابێت‌و بیداتە ئەندام پەرلەمانەکانی ئێمەو گەر هاتوو نەیانکرد بە هەرا، ئەوا دەتوانن گلەییان لێبکەن، من لە رێگەی ئەم گۆڤارەی ئێوەوە بە خەڵکی کوردستان دەڵێم کە ئێمە هەرگیز لە هەڵبژاردنی کوردستاندا بانگەشەی گەندەڵییمان نەکردووە، ئەمە بەو مانایەش نییە کە پاشەکشەی لێبکەین.

**لڤین: واتە بە ئیشی خۆتانی نازانن؟**

مەولود باوەمراد: نا؛ ئەوەیان شتێکی ترە، تۆ دەتەوێت ئەرکێك بخەیتە سەرشانم کە من نەمکردووەتە مەسئولیەتی خۆم، کەسیش ناتوانێت ئەوە لەسەر ئێمە ئیسپات بکات کە رۆژێك لە رۆژان ئێمە بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانمان وتبێ ئێوە گەندەڵن.

**لڤین: بڕیاربوو ئەندام پەرلەمانەکانی یەکگرتوو باس لەو نهێنییانە بکەن کە لەنێوان حکومەتی کوردستان‌و عێراقدا هەیەو لای خەڵک ئاشکرانییە؟**

مەولود باوەمراد: ئەوان لە بەرەی ئەو کەسانەدا بوون کە بەرگریی لە بودجەی هەرێمی کوردستان‌و بودجەی پێشمەرگەو سەرۆك کۆمار دەکەن، بەڵام تۆ بڵێ چاودێریکردنی بەکارهێنانی، ئێمە لە کوردستاندا پێویستمان بە دەزگایەکی نەزاهە هەیە، ئەمە لە کوردستاندا نییەو نەشبووە، چونکە یاسای تاکە حیزبیمان هەبووە، تۆ ناتوانیت لە یاسای تاکە حیزبیدا هەموو شتەکان کەشفبکەیت، تۆ دەتەوێت من لە مەریخ زانیاریی بهێنم، تۆ دەڵێیت گەندەڵی دەبارێت، منیش دەڵێم دەبارێت، تۆ دەڵێیت ئێوە خەوتوون، نەخەوتووم‌و دەزانم گەندەڵی مومارەسەدەکرێت، بەڵام ئێمە پێویستمان بەوە هەیە کە بزانین لە کوێیە؟! خۆ درەوکردن نییە هەر بڵێیت گەندەڵیی هەیە، گەندەڵیی هەیە، ئەگەر جەماوەر دەڵێت گەندەڵیی هەیە، با خۆی راپەڕێت، ئەگەر منیش دەڵێیت، دەبێت من بە یاسا بچمە پێشەوە، من شەخسیەتی مەعنەویم هەیە، شەخسیەتی جەماوەریم نییە، من جەماوەر نیم‌و حیزبێکی دیاریکراوم، ئەمەی ئێوە دەیلێن رای گشتی پێی هەڵدەستێت، بەڵام ئایا رای گشتی لە کوردستاندا هەیە؟! یان هەر کەسەو بەدوای یەکگرتوویەکدا دەگەڕێت‌و بیسەپێنێت بەسەریداو بڵێ کاکە بۆ قسە ناکەیت. من کە قسەبکەم، دەبێت بەڵگەم لابێت، بۆ عێراق پێویستمان بە بەڵگە نییەو شەفافە، لە عێراقدا ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزیریش قسە لەسەر گەندەڵیی دەکەن، مەسئولیەتی حیزب دوو شتە بەرامبەر بە گەندەڵیی، یەکەم ئەوەیە کە هاواربکەین گەندەڵیی هەیە، ئێمە پێویستمان بە دەنگێکی بەرزو بوێر بوو، لەو پێناوەشدا شەهیدمان دا، بارەگامان سووتاو بارووت چوو بە گەروومان‌دا، بە خەڵکیشمان وت کە گەندەڵیی هەیە، ئێستا کە نرخی پارەی عێراقی نەماوەو برینەکان گەیشتوونەتە سەر ئێسقان، خەڵك قسەدەکات، ئەی ئەوسا بۆ خەڵك لەسەر تەلەفزیۆن‌و لە رادیۆ دەیانوت "رەحمەت لە هەموو

**"دژی ئەو بۆچوونانەم کە دەڵێت: یەکگرتوو وەکوکارتێکی سیاسیی گەندەڵی بەکارهێنا، چونکە چوونەناو حکومەتمان پێش باسکردنی گەندەڵی بوو، نەك وەکو هەندێك رۆژنامە دەڵێن: ئەوانیش چوونە ناو حکومەت و دەمیان چەورکراو ئیتر وازیانهێنا"**

کەس جگە لە یەکگرتوو، چونکە خۆیان گەندەڵن‌و قسە لەسەر گەندەڵیی دەکەن"، جەماوەر پەشیمانە لەوەی کە رۆژی خۆی پشتگیریی ئەم پرۆژەیەی نەکرد، یەکەم کەسین لە کوردستاندا کە رۆشنبیریی دژەگەندەڵیمان هێناوەتە ئاراوە، وا ئێستا سەرۆکی هەرێم‌و حکومەت‌و حیزبەکان داوادەکەن کە بنەبڕبکرێت، ئەمە ئەگەر فەزڵی هەبێت، بۆ یەکگرتوو دەگەڕێتەوە، چونکە شەهیدی لەو پێناوەدا داوە، دژایەتیی یەکگرتوو لەگەڵ گەندەڵیدا شیعار نییە، چونکە گەندەڵیی جەریمەو تاوانەو تاوانیش هەرگیز حەلاڵ نابێت، گەندەڵیی دزیی‌و جەریمەیە لە بەرژەوەندیی گشتی، ئێمە بوعدێکی دینیشمان هەیە کە گەندەڵیی حەرام‌و تاوانە، گەر لە سیاسەتیش پاشەکشەم کرد، هەرگیز گەندەڵیم لا حەلاڵ نابێت، من دژی هەموو ئەو بۆچوونانەم کە دەڵێت یەکگرتوو گەندەڵیی وەکو کارتێکی سیاسیی بەکارهێنا، رەنگە رۆژێك بێت هەڵوێستمان لەسەر شتێك بگۆڕین، بەڵام هەرگیز رۆژێك نایەت کە هەڵوێستمان لەسەر گەندەڵیی بگۆڕین.

**لڤین: لەدوای هەڵبژاردنەوە، سستبوونێک بە یەکگرتووەوە دیاربوو، قسە لەوە دەکرێت کە یەکگرتوو لەدوای کۆنفرانس بە بەرنامەیەکی روون‌و جیاوازەوە بێتە مەیدان بۆ کۆتاییهێنان بەو سستییە؟**

مەولود باوەمراد: ئەوەشتە ڕاستە، بەڵام ئێمە چوونە ناو حکومەتمان پێش باسکردنی گەندەڵیی بوو، چونکە هەندێك رۆژنامە دەڵێن ئەوانیش چوونە ناو حکومەت‌و دەمیان چەورکراو ئیتر وازیانهێنا، نەخێر، ئێمە چوونە ناو حکومەتمان کەوتە دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانیی عێراق، چونکە یەکێتیی‌و پارتی پێکنەدەهاتن لەسەر وەزیرەکان، ئەم بەشدارییەی ئێمە پەیوەندیی بە لیستی پێشووترەوە هەیە کە هەموومانی تێدابووین، ئێمە رەخنەمان نییە لەوە کە بەشدارین‌و دەبووایە لەمەش زیاترمان پێبدرایە، بەڵام لەسەر مەبدەئی فیفتی بە فیفتی بەشیانکرد. رەخنەشمان لەوە نییە کە بۆچی بەشدارین، بەڵام رەخنەمان لەسەر ئاست‌و رادەی بەشدارییەکەمان هەیە، حکومەتەکەیان هێندە کشاندووەو کردوویانەتە چلوچوار وەزیر، تۆ لە رووت نایەت بڵێیت وەزیرێکی ترم بۆ زیادبکە، بۆ سێ ملیۆن کەس چلوچوار وەزیر مانایەکی روون نادات بەدەستەوە، ئێمەش وەکو هەموو تەیاری ئیسلامیی جیهانیی ئەزمەی فیکریمان هەیە، تەیاری ئیسلامیی ئەزمەی هەیە بە ئیعتیباری ئەوەی کە تەنزیم نەکراوەو ئەزموونی نییە، فەقیهمان هەیە قسە لەسەر حەج‌و نوێژو رۆژوو بکات، بەڵام نیمانە قسە لەسەر سیاسەت‌و ئیدارەو بەرژەوەندیی گشتیی بکات، تەیاری ئیسلامیی هەمووی ئەزمەی هەیە لە فیکری سیاسییدا، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نە عەلمانییەت عەلمانییەو کەڵك دەخوات، شێوەو هەڵسوکەوتیشی عەلمانی نییە، هەموومان لەدایکبووی دۆخە بۆگەنکردو ژەهراوییەکەی خۆمانین، ئێوە رازیین بەو عەلمانیەتەی لە وڵاتی ئێمەدا هەیە؟! عەلمانیەت ئاوا وڵات بەڕێوەدەبات؟! ئەوانەی بەناوی عەلمانیەتەوە لەم وڵاتەدا کاردەکەن، حەزیان لە دەسەڵات‌و ئیرادەی خۆسەپاندنە، حەزیان لە خۆزلکردنەو بەلای عەلمانیەتدا ناچن، پیشەسازیتان کوا؟! عیلمتان کوا؟! دونیایەك قسەی زل بەناوی عەلمانیەتەوە دەکرێن، تۆ سەیرکە ئەم وڵاتە چی بەسەرهاتووە، قوتابخانەکانی کوردستان هەموو سێ دەوامی تێدادەکرێت‌و لەولاشەوە حەوت ملیۆن‌و هەشت ملیۆن دۆلار تەرخاندەکرێت بۆ کردنەوەی هۆڵێو کەس نازانێت ئەم وڵاتە بەرەو کوێ دەڕوات، ئەو عەلمانیەتەی کە دیاربێت، تەنها ئەو عەلمانیەتەیە کە دژی تەیاری ئیسلامییە، لەوەدا زۆر ئازان کە دژی دین‌و هەموو ئەخلاقییەتێك‌و فەلسەفەیەکی دینیی بن، ئێمە (یەکگرتووی ئیسلامیی) وەکو حیزبێکی ریفۆرمخواز بڕوامان وایە حکومەتی هەرێم پێویستە هەوڵبدات بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان، هەروەها بڕوامان وایە رێکەوتن‌و تەوافوقاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا هیچ مانایەکی نییەو ئیتر بەسە.

**لڤین: ئێوە ئامادەن پشت لە رێکەوتن‌و تەوافوقاتی سیاسیی هەڵکەن؟**

مەولود باوەمراد: بەڵێ تەواو، کۆتاییمان پێهێناوەو ئەوەی هەبووە بۆ رابردوو بووە، بۆ ئێستا بڕیاری تازەترمان داوە، ئێمە پێمان وایە دەبێت هەڵبژاردنەکان ئازادبکرێن‌و شەفافیەت هەبێت، دەبێت کۆتایی بە ترساندنی هاوڵاتی بهێنرێت، دەبێت سیادەی قانون هەبێت، دیوانی موحاسەبەو چاودێریی دابنرێت، ئێمە وەکو یەکگرتووی ئیسلامیی بەشدارین‌و ئۆپۆزسیۆن نین، درۆ لەگەڵ خۆماندا ناکەین‌و بەشێکین لەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

**لڤین: هەندێک پێیانوایە یەکگرتوو چاودەپۆشێت لە گەندەڵیی، لەبەرئەوەی بڕیاری سیاسیی یەکگرتوو بەدەست چەند کەسێکەوەیە کە لە حکومەت موستەفید بوون، واتە مەسڵەحەتییان هەیە لەگەڵ حکومەتدا؟**

مەولود باوەمراد: لە زمانی منەوە وەك بەرپرسێکی یەکگرتوو تەحەدا دەکەم رۆژێك لە رۆژان چاو لە گەندەڵییەك بپۆشین لەبەر بەرژەوەندیی خۆمان، جگە لە مەسڵەحەتی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی میللەتەکەمان، یەکگرتووی ئیسلامیی چاوی لە هیچ گەندەڵییەك نەپۆشیوە، مەسڵەحەتەکان چین دەیانڵێین، ئەگەر باسی مووچە دەکەن، ئەوە شتێکی یاسایی رەسمییە. دینارێك بدزی ئەوە خیانەتە، بەڵام ملیارێك مووچەکەت بێت، ئەوە یاسا بڕیاری

لەسەر داوە، تۆ ئەم قسانەی من بگەیەنەرە کاك مەسعود کە دەڵێم تەحەدا دەکەم کە یەکگرتوو لەبەر بەرژەوەندییەکی تایبەتی چاوی لە گەندەڵیی پۆشیبێت، راستییەکەی ئێمە زانیارییمان سەبارەت بە گەندەڵیی کەمە.

**لڤین: سێ ئەندام پەرلەمانی یەکگرتوو کوڕەکانی خۆیان بە شۆفێر نووسیوەو موچەکەی وەردەگرن ؟**

مەولود باوەمراد: من نازانم؛ ئەگەر شتی وا هەبێت، خراپە، یەکگرتوو مەسڵەحەتی کۆمەڵایەتیی‌و سیاسیی بەستراوە بە حکومەتی هەرێمەوە، ئەوەی حکومەتی هەرێم دەستکاری بکات، حکومەتی هەرێم بۆ ئێمە مانایەکی مێژوویی هەیە، تۆ رۆژنامەنووسیت دەتوانیت ئەو شتە بەو ئەندام پەرلەمانانە بڵێیت، ئێوە شتێکی هەڵەدەکەن لەو مەلاین گەندەڵییە باسی (٢٥٠) هەزار دیناری شۆفێرێك دەکەن، ئێوە شتە گەورەکان‌و بچووکەکان تێکەڵاو مەکەن، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە، هەموو دەزگایەك بیست سپلێتی پێوەیە، بەڵام چوار سپلێتەکەی ماڵی مامۆستا هادی بوو بە هەڵڵا، ئەوە گەڕان نییە بەدوای فەساددا، ئەوە نەخۆشییە، چەند کەسێك لە هاویندا هاتن بۆ ماڵی من‌و موقەبام دانێ بۆ ئەوەی باوەشێنی خۆیانی پێبکەن، وتیان دڵخۆشین کە وا تۆ لە ئاستێکی بەرزدایت‌و بەمشێوەیە دەژیت، بەڕاستی ئەمە رۆشنبیریی‌و عەقڵ نییە، دەبووایە بیانوتایە تۆ کەسێکی لە بەرژەوەندیی گشتیدا کاردەکەیت، نابێت بەمشێوەیە بژیت، تۆ دەتەوێت مەسئولیەتم وەکو خەڵکی نەبێت، بەڵام دەتەوێت ژیانم وەکو ئەوان بێت.

**لڤین: لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا پرسیار لە وەزیرەکەی یەکگرتوو کرا کە بازاڕەکانی کوردستان لەلایەن کۆمپانیاکانی سەر بە دەسەڵاتەوە قۆرخکراون‌و زۆربەی کۆمپانیا گەورەکان هیی بەرپرسە گەورەکانی حیزب‌و حکومەتە، کەچی لە وەڵامدا وتی ئەو شتە ئاساییە، چونکە کۆمپانیاکانی نەوت لە ئەمریکاش هیی بوش-ە؟**

مەولود باوەمراد: دەبووایە وەزیرەکەی ئێمە بیوتایە بارودۆخی رابردوو ئیستیسنایی بووە.

**لڤین: یەکگرتوو کە لەسەر تەوازوع‌و نزیکی نێوان شێوەی ژیانی قاعیدەو قەواعید قسەی دەکرد، بەڵام دەبینین وا دەرنەچوو، جیاوازیی گەورە لەنێوان شێوە ژیانی قاعیدەو قەواعیدیدا لەگەڵ گەورەبوونی حیزبەکەدا دەرکەوتن؟**

مەولود باوەمراد: تەوازوع بەردەوامە، بەڵام ماناکانی ژیان گۆڕاوە، وەزیر ناتوانێت وەك ئێمە بژی، ماڵی ئێمە لە گەڕەکێکی میللیدایەو بچوکیشە، تۆ من بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی نازانیت؟! بۆچی نموونەکانی تری یەکگرتوو نابینیت کە لەنێو گەڕەکەکانداو‌ کەسێك لە دەرگا دەدا، خۆم دەچم دەیکەمەوەو حەرەسمان نییە، ئەو جیاوازییەی کە لەنێوان خوارەوەو سەرەوەدا هەیە، ئێمە دروستمان نەکردووە، ئەوە دەسەڵات‌و کۆمەڵگە دروستیانکردووە، بۆشاییەکانی نێوان جەماوەرو دەسەڵات بە وەزیرەکەی من پڕناکرێتەوەو مووچەی کەمی مامۆستایەك زیادناکات، بەڵام دەکرێت منیش وەزیر نەبم‌و بچمە ماڵەوە دانیشم، ئەوە ئێمە نیین کە کێشەکەمان دروستکردووە، ئەوە دەسەڵات‌و بارودۆخی عێراق دروستیانکردووە.

**لڤین: سەرگەرمبوونی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو بە پۆستەکانیان لە حکومەتی عێراق‌و کوردستان، وایکردووە کە نەیانپەرژێتە سەر ئیدارەی حیزب؟**

مەولود باوەمراد: پێموانییە وابێت‌و تەنها کاك محەمەد وەزیرەو دەستی بە ئیشەوە گیراوەو کاك ئەبوبەکر کاروانی-ش دەستی کراوەیەو ئیسراحەتتریشە لە جاران، راستی قسە لەوەوەیە کە قەیرانی ماڵی وایکردووە کە نەمانپەرژێتە سەر کارەکانمان.

**لڤین: ئێوە بۆ دەترسن لەوەی کە بڵێن ئۆپۆزسیۆنین؟**

مەولود باوەمراد: ئێمە لە کەس ناترسین، ئۆپۆزسیۆن‌و بەشدار دوو شتی جیاوازن‌و تۆ مادام لە حکومەتدا بوویت، نابێت ئۆپۆزسیۆن بیت، یەکەم کەس لە کوردستاندا پاش پێکهێنانی حکومەت لە کوردستاندا پڕۆژەی لەسەر گەندەڵیی پێشکەشکردبێت، وەزیرەکەی ئێمەیە.

**لڤین: بەڵام لە دونیادا وانییە، حیزبێک بەشدارو ئۆپۆزسیۆنیشە؟**

مەولود باوەمراد: شتی وانییە، ناتوانیت یەك نموونەی وام بۆبێنیت، مەگەر بەر لە هەڵبژاردن لە حکومەت بێتە دەرێ، ئێمە ئەگەر وەزیرمان نەبووایەو سەد جاریش لە پەرلەماندا بووینایە، دەمانتوانی ئۆپۆزسیۆن بین، پێشموایە کە ئێمە لە حکومەتی کوردستاندا بین باشەو نەیەینە دەرەوە. وەزیرەکەی ئێمە پێنج ملیۆن وەردەگرێت، سێ ملیۆن بۆ خۆی سەرفدەکات‌و دووی بۆ حیزب، پەڕۆیەك لەوبەر مزگەوتەدا رابخە، چوار ملیۆن کۆدەکەیتەوە.

**لڤین: بۆچی ئێوە کەسانی یەکگرتوو لە ئاستی سەرکردایەتی‌و مەکتەبی سیاسییدا دەنێرنە پەرلەمان‌و حکومەت؟**

مەولود باوەمراد: دەبێت ئەو کەسانەی کە بەشداریی لە حکومەتدا دەکەن، لە قەراری سیاسیی یەکگرتووەوە نزیکبن‌و ئەوانەی لە خوارووی ئەندامی شوراوەن، پاش تەواوبوونی وادەی پۆستەکەیان لە حکومەتدا لە یەکگرتوو دووردەکەونەوەو نازانین لە کوێن، بۆیە ئێمە ئەندامەکانیشمان لە حکومەت‌و پەرلەماندا کەمە، گەر بێتو ئەو ئەندامانەش لە ئاستی باڵادا نەبن، ئاگامان لە هەواڵەکان نابێت، دەمەوێت بزانم لە ئەنجومەنی وەزیراندا چی دەگوزەرێت، ئەگەر پێنج وەزیرم هەبووایە، دەکرا سیانیان لە سەرکردایەتیدا بوونایەو دووانیشیان لە خوارەوە بۆ کەسانی تەکنۆکرات، ئەگەر وەزیر لە دەرەوەی قیادەبێت، ئاگامان لە بڕیارە سیاسییەکان نابێت.

**لڤین: باس لەوە دەکرێت کە رێکەوتن هەبێت لەنێوان ئەندامانی مەکتەبی سیاسییدا بۆ بەشداریکردن لە پۆستە حکومییەکاندا، دەڵێن ئەندامی مەکتەبی سیاسیی هەبووە وتوویەتی گەر نەبم بە وەزیر وازدێنم؟**

مەولود باوەمراد: لە حیزبی ئێمەدا کوتلەو شتی نهێنیی نییە، من دیاریکرام ببم بە وەزیر، نەشبووم‌و وازیشم نەهێنا، من کاندید بووم بۆ وەزیری بازرگانی.

**لڤین: هۆکارەکەی شتێکی لەو بابەتە نەبوو، کە وەزیری ئێستا شتێکی وای وتبێت؟**

مەولود باوەمراد: نەخێر؛ هەرگیز شتی وانەبووە، من بۆخۆم کەسێکم دیاریکرام بکرێمە وەزیر و دواییش تەنازولم کردووە، هەرچەندە وەکو مرۆڤێك دڵگران بووم‌و پێمناخۆشبوو، لەسەر ویژدان‌و دڵ‌و عەقڵیشم ناڕەحەت بووە. بەڵام قبوڵیشم کرد، ئەم قسانەش شەفافیەتی یەکگرتوو دەردەخەن، تۆ لە یەکێتیی نیشتیمانی کە ٣٠ وەزیری بەدەستبووە، ٢٠ وەزیری لە حکومەتی خۆیدا بەدەستبووە، چیت بیستووە؟! لە پارتیدا چۆن وەزیر دادەنێت‌و دەیبات‌و دەیهێنێت، تۆ چیت بیستووە؟!.